# مافی چارەی خۆنووسین لە دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)
# توێژینەوەیەکی یاسایی و سیاسیە

https://doi.org/10.23918/ilic10.01

م. ی. کامۆ خدر حسن
بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا و خوێندنی ئیسلامی، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
kamo.khdir@uor.edu.krd
د. سەرتیپ خالص حسین
بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسیەت، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
sartip.xales@mhe-krg.org

# The Right to Self-Determination in the 2005 Iraqi Constitution: A Legal and Political Study

Asst. Lect. Kamo Khdir Hassan
Department of Law, College of Law and Islamic Studies, University of Raperin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
Dr. Sartip Khalis Husien
Department of International Relations, College of Political Science, Salahaddin University-Erbil, Ministry of Higher Education and Scientific Research, Erbil, Kurdistan region, Iraq

## پوختە

مافی چارەی خۆنووسین یاخود مافی بڕیاردانی چارەنووس، یەکێکە لە مافە بنەڕەتیەکانی گەل و نەتەوەکانی جیهان، لە هەمان کاتدا وەك یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی یاسای نێودەوڵەتیی بۆ بڕیاردان لە داهاتووی نەتەوەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە یاخود دوای جەنگ و ملمڵانێی چەکداری، دەستەبەرکراوە. لە چوارچێوەی نۆرمەکانی یاسای نێودەوڵەتی؛ هەموو تاك و گروپێک بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێودانگی نەتەوەیی، ڕەگەزی، زمان و ئایین، مافی خۆیانە لە بوارەکانی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابووریی و کولتوورییدا کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن، چونکە بەم هۆییەوە، دەکرێت سنوورێکی یاسایی لە بەرانبەر پێشێلکردنی مافی پێکهاتە و کەمینەکان دابنرێت. لەم ڕوانگەیەوە؛ دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) بەشێوەی ناڕوون و مشتومڕهەڵگر کۆمەڵێك پرسی پەیوەندیداری بە مافی هەرێمەکان و پێکهاتە و کەمینەکانی ڕێکخستووە، بەتایبەتی ناڕوونی لە مافی بڕیاردانی چارەنووس لەلایەك، هێز و بەهای یاسایی ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندیدار بە مافی چارەی خۆنووسین لەلایەکی تر. بۆیە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە مافی چارەی خۆنووسین لە دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) بۆ پێکهاتە پێکهێنەرەکانی گەلی عێراق لە ڕووی یاسایی و سیاسییەوە.

لەڕووی میتۆدۆلۆژییەوە؛ ئەم توێژینەوەیە، پشت بە میتۆدی باسکاری (Descriptive) و شرۆڤەکاری (Conceptual Analysis) دەبەستێت. لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا دەردەکەوێت؛ کە بە پێی دەقەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)، کۆمەڵێک گرفت سەبارەت لێکۆڵینەوە لە مافی چارەی خۆنووسین بەدیدەکرێت؛ لەوانەش ئاڵۆزی و ڕاجیایی و لەخۆگرتنی لێکدانەوەی جیاواز بۆ دەقە دەستوورییەکان. لەلایەکی دیکەوە؛ دادگای باڵای فیدراڵی عێراق نەیتوانیوە ڕۆڵی پێویست و سەربەخۆ لە چاودێری دەستوورشکێنی و لێکدانەوە بۆ دەقەکانی دەستوور سەبارەت بە پەیڕەویکردن لەم مافە؛ بگێڕێت. یەکێك لە فاکتەر و هۆکارەکانی ڕۆڵی نەرێنی دادگاکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم دادگایە؛ بە پێچەوانەی ماددەی (٩٢)ی دەستوور، بەگوێرەی بڕیارێکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دامەزرێنراوە، کە ئەمەش کاریگەری کردۆتە سەر پێکهاتە و دەسەڵاتی دادگاکە، بەتایبەتی لەڕووی بێلایەنی و نوێنەرایەتکردنی ڕاستەقینەی پێکهاتە جیاوازەکان و پاراستنی شکۆی دەستوور. هەروەها بەشێکی دیکەی ئالەنگارییەکانی بەردەم دادگاکە بۆ ڕەهەندی سیاسی دەگەڕێتەوە، کە خۆی لە فشار و دەستێوەردانی سیاسی و کاریگەری وڵاتانی هەرێمی بەسەر چۆنیەتی کارکردنی دادگا و بڕیاردان و شرۆڤەکردنی دەقەکانی دەستوورەوە دەبینێتەوە. سەرەرای هەموو ئەمانەش، مافی چارەی خۆنووسین یەکێکە لە بنەما دانپێدانراوەکانی یاسای نێودەوڵەتی، بەڵام لە دەستووری عێراقدا، ئەم مافە لە هیچ دەقێکی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە نەهاتووە، بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە بەشی کۆتایی دیباجەی دەستووردا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە پابەندبوون بە دەستوورەکە؛ یەکێتیی گەل و خاکی عێراق دەپارێزێت، ئەمەش مانای وایە لە حاڵەتی پابەند نەبوونی لایەنەکان بە دەستوور و پێشێلکاری دەستووری، لایەن و پێکهاتەکان دەتوانن داوای کۆتایی هێنان بە یەکگرتوویی عێراق بکەن، کە ئەمەش بە ناڕاستەوخۆ مانای پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسین دەگەیەنێت. هەروەها لە دەستووری هەمیشەیی عێراقی (٢٠٠٥) ئاماژە بە کۆمەڵێك لە پابەندیی ئەرکی دەوڵەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و یاسای نێودەوڵەتی دەکات، لەم دەقانەدا، جۆرێك لە پابەندی دەکەوێتە سەر دەوڵەتی عێراق بۆ ڕێگەدان بە مافی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوە و گەلانی وڵاتەکەیدا کە عێراق پەسەندی ئەو ڕێکەوتنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتیانەی کردووە .

**کلیلە وشەکان:** مافی چارەی خۆنووسین، دەستووری عێراقی ٢٠٠٥، یاسای نێودەوڵەتی، دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، مافی پێکهاتە و کەمینەکان.

**Abstract**

The right to self-determination is one of the fundamental rights of peoples and nations worldwide. It is established as a core principle of international law for determining the future of nations, whether through peaceful means or following armed conflict and war. Generally, within the framework of international law norms, all individuals and groups—regardless of national, racial, linguistic, or religious criteria—have the right to organize and manage their own affairs in various political, social, economic, and cultural fields. This principle serves as a legal boundary against the violation of the rights of components and minorities. From this perspective, the permanent Iraqi Constitution of 2005 regulated a series of issues related to the rights of regions, components, and minorities in an ambiguous and controversial manner. This is particularly evident in the lack of clarity regarding the right to self-determination on one hand, and the legal force and value of international agreements related to self-determination on the other. Therefore, this research aims to investigate the right to self-determination within the 2005 Iraqi Constitution for the constituent components of the Iraqi people from both legal and political perspectives.

Methodologically, this study relies on descriptive and conceptual analysis methods, The results of the study reveal several challenges regarding the investigation of the right to self-determination according to the 2005 Iraqi Constitution, including complexity, divergence of opinions, and the presence of conflicting interpretations of constitutional texts.

Furthermore, the Federal Supreme Court of Iraq has failed to play a necessary and independent role in monitoring constitutional violations and interpreting texts related to the exercise of this right. One factor contributing to the court's negative role is that it was established by an executive branch decree rather than in accordance with Article 92 of the Constitution, which has impacted the court's composition and authority—specifically regarding its neutrality, the genuine representation of diverse components, and the protection of constitutional integrity. Another part of the challenges facing the court is attributed to the political dimension, involving political pressure, interference, and the influence of regional countries on the court's functioning, decision-making, and interpretation of constitutional texts.

Despite all this, the right to self-determination is a recognized principle of international law. However, in the Iraqi Constitution, this right is not explicitly mentioned in any direct text. Instead, it appears indirectly in the final section of the Preamble, which emphasizes that "adherence to this Constitution preserves for Iraq its free union of people, land, and sovereignty." This implies that in the event of non-adherence or constitutional violations by the parties, the components may demand an end to the union, which indirectly signifies the exercise of the right to self-determination. Additionally, the 2005 Constitution refers to a set of state obligations at the international level. Through these texts, a form of obligation is placed upon the Iraqi state to allow the right to self-determination for the nations and peoples within its borders, as Iraq has ratified the relevant international conventions and treaties.

**Keywords:** Right to Self-Determination, 2005 Iraqi Constitution, International Law, Federal Supreme Court of Iraq, Rights of Components and Minorities.

## پێشەکی

مافی چارەی خۆنووسین لە یاسای نێودەوڵەتیدا، بە مانای دەرەفەت ڕەخساندن بۆ گەل و نەتەوەکان دێت، تاکو لە ڕێگای پیادەکردنی ئەم مافە بتوانن بڕیار لەسەر دیاریکردنی شێوازی دەسەڵات بدەن بە بێ هیچ دەستێوەردانێکی دەرەکیی. بۆیە مافی چارەی خۆنووسین لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخدا؛ وەک یەکێک لە مافە بێبەشنەکراوەکانی هەموو گەلان ناسێندراوە. لەم ڕووەوە دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) وەک گرێبەستی کۆمەڵایەتی و باڵاترین دەقی یاسایی لە دەوڵەتدا، پێویستە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی یاسایی لەسەر بکرێت تا چەند پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسین تێیدا بەرجەستەکراوە، بە تایبەت لەو ڕوانگەیەی کە عێراق دەوڵەتێکی فرەنەتەوەیی و پێکهاتەی جیاوازە و ئەگەری دروستبوونی کێشە و پێکدادانی ئایینی و تایفی وەك ئەگەرێکی کراوەو چاوەڕوانکراو دەمێنێتەوە، ئەمەش لە دەرەنجامدا کاریگەری لەسەر پێکەوەژیان و بونیادنانی دەوڵەتێکی دیموکراسی و مەدەنی و هاوڵاتیبوون دەبێت، لەلایەکی دیکەوە؛ دوای بە جیهانیبوونی دەستوورە نیشتیمانییەکان، کە خۆی دەبینێتەوە لە لەخۆگرتن و پاراستنی ماف و بەها گەردونییەکانی وەکو ئازادی و یەکسانی و کەڕامەتی مرۆڤ، ئەم لێکۆڵینەوە شرۆڤەی ڕەنگدانەوەو کاریگەری ئەم بەها گەردوونیانە دەکات لەسەر دەستووری عێراق، بەتایبەتیش پابەندبوونی دەستوور بە گەرەنتیکردنی مافی پێکهاتەکان لە بڕیاردانی چارەنووس لە ئەگەری دەستوورشکێنی و لادانی دەسەڵات لە دەستووردا.

**گرنگیی توێژینەوە:** گرنگیی ئەم تویژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە شرۆڤەکردنی یەکێك لە مافە نێودەوڵەتییەکان کە هەمیشە جێگای بایەخ و مشتومڕی هزری و یاسايي بووە کە بریتییە لە مافی بڕیاردانی چارەنووس، بەتایبەتی لە ڕوانگەی بەستنەوەی ئەم پرسە بە سیستەمی دەستووری عێراق لە چوارچێوەی دەستووری هەمیشەیی ساڵی ٢٠٠٥، چونکە عێراق دەوڵەتێکی فرەیيە لە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی جیاواز پێکدێت، لە ئەگەری هەر جۆرە هەڵوەشانەوەیەکی سیستەمی دەستوورییەکەی، پەیڕەویکردن لەم مافە دەبێتە بابەتێکی ئامادە لە

گۆڕەپانی دەستووریی و سیاسی. هەروەها توێژینەوەکە هەڵوێستی دادگای باڵای فیدراڵی و ئالەنگاریە یاسایی و سیاسییەکانی دەخاتە بەر باس، بەستنەوەی ئەم بابەتە بە دۆزی کورد بۆ سەربەخۆیی گرنگی تیۆری و کرداری ناونیشان و ناوەڕۆکی توێژینەوەکە بەدەردەخات.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە شیکردنەوەی دەقەکانی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ لە ڕووی چۆنیەتی ڕێکخستنی مافی بڕیاردانی چارەنووس و دەرخستنی لایەنە ناڕوونەکانی دەستوورەکە، هەروەها شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لەبارەی مافی بڕیاردانی چارەنووس لە چوارچێوەی دەستووردا. ئەمە جگە لە خستنەڕووی ئالەنگاری و فاکتەرە سیاسییەکانی بەردەم ڕۆڵی دەستوور و دادگای دەستووری لە دەستبەرکردنی مافی چارەی خۆنووسین.

**پرسیاری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە هەوڵی وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی ناڕوون دەدات، لەوانە:

١- ئایا چۆن و بە چ شێوازێك ڕێکخستنی دەستووری بۆ مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووسین لە دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) کراوە؟ ئایا ئەم دەستوورە کە ڕەنگدانەوەی فرەیبوونی دەوڵەتی عێراقە، ئەم مافەی دەستبەرکردووە؟

٢- ئایا هەڵوێستی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق سەبارەت بە لێکدانەوەی دەقەکانی دەستوور و پەیڕەوکردنی لە مافی بڕیاردانی چارەنووسی پێکهاتە و نەتەوە جیاوازەکانی عێراق چۆن هەڵدەسەنگێندرێت؟

٣- ئایا دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕێکەوتنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و ئەرك و پابەندییە نێودەوڵەتییەکان دەکات لەڕوانگەی پەیڕەویکردن لە مافی چارەی خۆنووسین؟

٤- ئایا فاکتەری سیاسی کاریگەری لەسەر دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لە ڕاڤەکردنی دەستووردا هەیە؟

**کێشەی توێژینەوە:** کێشەی توێژینەوە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە مافی چارەی خۆنووسین وەك مافێکی یاسایی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانپێدانراوە و زۆرێك لە گەلان و نەتەوەکان لەڕێگەی ئەم مافەوە بڕیاری سەربەخۆییان داوە، بەڵام زۆرجار پەیڕەویکردن لەم مافە دەبێتە هۆی تێکگیران و ناکۆکی لەگەڵ پرەنسیپی سەروەری وڵاتان، چونکە سەروەری بە مانا کلاسیکیەکەی ڕێگەگرتنە لە جیابوونەوەو پارچە پارچەبوونی وڵات، ئەمەش وا دەکات لەڕووی تیۆرییەوە پێوستی بە لێوردبوونەوەو قوڵبوونەوە هەبێت و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت.

یەکێکی دیکە لە کێشەکانی توێژینەوە، بریتییە لە پرسی مافی چارەی خۆنووسین لە چوارچێوەی ناڕوونیی دەقەکانی دەستووریی و لێکدانەوەی دادگای باڵای فیدراڵی، بەتایبەتی لە چوارچێوەی سیستەمی فیدراڵیدا، کە ئەمەش بۆتە هۆکاری ڕاجیایی لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیدا لە بارەی ڕەوایەتی یاسایی و دەستووری پیادەکردنی ئەم مافە و ڕێگەگرتن لەم مافە بە پاساوی سەروەری دەوڵەت.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەڕووی میتۆدۆلۆژییەوە؛ میتۆدی باسکاری (Descriptive) و شرۆڤەکاری (Conceptual Analysis) بەکاردەهێنرێت چونکە ئەم دوو میتۆدە بەربڵاوترین میتۆدی بواری میتۆدۆلۆژیای یاساییین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەقە یاسایی و دەستوور و بابەتە تیۆرییەکان بەگشتی و دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ و بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق بەتایبەتی.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوە پێکدێت لە پێشەکیی و پێنج باسی سەرەکیی و ئەنجام و ڕاسپاردەکان و لیستی سەرچاوەکان.

## باسی یەکەم
## چوارچێوەی شیکاری توێژینەوە

لەم باسەدا، ژمارەیەک چەمک ناساندنی بۆ دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١. دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراق ٢٠٠٥:** یاسای بنچینەیی دەوڵەتی عێراقە و یەکەم دەستووری عێراق لە ساڵی (١٩٢٥) خرایە بواری جێبەجێکردن و دواین دەستووری عێراق لە (١٨ی ئەیلولی ٢٠٠٥) لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی کاربەڕێکەری عێراقەوە پەسندکرا کە لە (١٤٤) ماددە پێکدێت و لە ڕیفراندۆمێکدا، کە لە (١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥)دا ئەنجامدرا و دەنگی لەسەر درا، پاشان لە (٢٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥ ) لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی عێراق ژمارە (٤٠١٢) بە زمانی عەرەبیی بڵاوکرایەوە و کەوتە بواری جێبەجێکردن.[1]

**٢. مافی چارەی خۆنووسین:** بۆچوونی زانایان و پسپۆڕانی یاسا نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە مافی چارەی خۆنووسین جیاوازن، ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ناتوانرێت پێناسەیەکی هەمەلایەنە بۆ مافی چارەی خۆنووسین هەبێت. هەندێک لە پسپۆڕان پێیان وایە کە "مافی خەڵک بۆ هەڵبژاردنی ئەو فۆرمەی حکومەتە کە دەیانەوێت لەژێریدا بژین و ئەو سەروەرییەی کە دەیانەوێت سەر بەو حکومەتە بن". ماددەی (١/١)ی پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەکان کە لە ساڵی (١٩٦٦) لە لایەن کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەندکراوە، ئاماژە دەدات "چارەی خۆنووسین، مافی قانوونی بنەڕەتیی گەلانە و سیفەتی بنەمایەکی قانوونیی پابەندکاری هەیە و دەبێت لەهەموو کاتێکدا دەوڵەتان بێ ئەملا و ئەولا ملی بۆ دانەوێنن و لەهەمانکاتدا بەشێکە لە قانوونیی لە قانوونیی نێودەڵەتی عورفی و پێش بۆ شادبوون بە هەر مافێکی تر کە لە ڕێکەتنامەکانی مافی مرۆڤدا هاتبێت".[2]

**٣. یاسا نێودەوڵەتیەکان:** بریتین لە کۆمەڵێک ڕێسا و پێوانەی گشتی کە لە سەرجەم وڵاتانەوە پەسەندکراوە و بووە بە نێوانگرێکی پەیوەندی وڵاتان و چوارچێوەی ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکان دیاریدەکات و لە ماف و ئەرکی دەوڵەتەکان دەکۆڵێتەوە، بنەمای چارەسەری کێشە و ناکۆکیەکانی نێوان دەوڵەتەکانەو یاسای گشتی نێودەوڵەتی وەک ئامرازێک بۆ کۆتاییهێنان، یان کەمکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتییەکان، ڕێکخستنی پەیوەندیەکان و دروستکردنی هاوسەنگی لەنێوان بەرژەوەندیی و پێداویستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاتۆتە ئاراوە.[3]

**٤. دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق:** بەرزترین دادگای دەسەڵاتی دادوەرییە لە عێراق، کە لە ژمارەیەک دادوەر و شارەزا لە فیقهی ئیسلامی و یاسایی پێکدێت، ئەرکی سەرەکی ئەم دادگایە بریتییە لە شیکردنەوەی دەقەکانی دەستوور و یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان لەنێوان

---

(1) Jonathan Morrow, Iraq's Constitutional Process II, United States institute of Peace. Washington, 2005, P.3.

(٢) ئاسۆ کەریم، دەستوور، مافی چارەی خۆنووسین،فیدرالیزم و ڕیفراندۆم،دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٠

(٣) عوسمان علی وەیسی، دەروازەیەک بۆ یاسای گشتی نێودەوڵەتی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٢، ل ١٥.

حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکان و حکومەتە خۆجێیەکان و چاودێری کردنی یاسا و ڕێسا بەرکارەکان و ڕاساندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی بنبڕن و یەکلاکەرەوەن و تانەی لێنادرێت و دەبێت هەموو دەسەڵاتەکان پێوەی پابەند بن، ئەرک و ڕۆڵی دادگای باڵای فیدراڵی لە ماددەکانی ژمارە (٩٢، ٩٣، ٩٤)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی (٢٠٠٥) باسکراوە.[١]

**٦. پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان:** یەکێکە لە بناغە گرنگەکانی یاسا نێودەوڵەتییەکان، کە لە ڕێگەیانەوە کاروبارە نێودەوڵەتییەکان ڕێکدەخرێن و بە ئامرازێکی گرنگ بۆ ڕێکخستنی هەموو ئەو پێشکەوتنانە دادەنرێت کە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسیی و یاسایی و ئابووریی نێودەوڵەتییدا ڕوودەدەن. ئەم میکانیزمە نێودەوڵەتیە گرنگە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەتەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بەکارهێنرا بۆ پەیدابوونی دەوڵەتە نوێیەکان و بونیادنانی پەیوەندیە دۆستایەتیەکان.[٢]

**٧. مافە مەدەنی و سیاسیەکان:** ئەم مافانە دڵنیایی دەدەن بە تاکەکان کە بتوانن لە ناو کۆمەڵگا یان وڵاتێکدا و بێ هیچ جیاوازی و پێشێلکارییەک، ژیانی مەدەنیی و سیاسیی خۆیان ببەنەسەر، هەر وەک لە ماددەی (١/١)ساڵی (١٩٦٦)ی مافە مەدەنیی و سیاسییەکان نوسراوە "هەموو گەلان مافی ئەوەیان هەیە چارەنووسی خۆیان دیاریبکەن، ئازادن لە هەوڵدانیان بۆ بەدیهێنانی گەشەی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کەلتووریان.[٣]

**٨. فیدراڵی:** فیدراڵی بریتییە لە سیستەمێکی فەرمانڕەوایی کە ویلایەت و هەرێمەکانی تێدا دیاری دەکرێت و بەشێک لە دەسەڵاتەکان لە ناوەند وەردەگیرێتەوە و دەدرێت بە حکومەتی هەرێمەکان.[٤] ئەم دابەشکردن و پێکەوەژیانە لەڕێگەی دەستوورەوە ڕێکدەخرێت و بە بێ بوونی دیموکراسیی، فیدراڵیەت بوونی نییە، چونکە فیدراڵیەت شێوەیەکە لە شێوەکانی دەسەڵاتداری کە دەسەڵاتەکان بە شێوەیەکی دەستووری لە نێوان حکوومەتێکی ناوەندی لەگەڵ یەکەی حکوومەتی بچووکتردا دابەش دەبن.

### باسی دووەم

### بڕیارە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی چارەی خۆنووسین

کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە (١٩٤٨/١٢/١٠) ڕەزامەندی دەربڕیوە لەسەر دەرکردنی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، دواتر کۆمەڵەی گشتیی بە بڕیاری (٤٢١) لە (١٩٥٠/١٢/١٤) داوای لە لیژنەی مافی مرۆڤ کرد چەند ڕاسپاردەیەک دابنێت دەربارەی ئەو ڕێگایانەی کە مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلەکان دەستنیشان بکات. کۆمەڵەی گشتیی بە بڕیاری ژمارە (٦/٥٤٥) لە (١٥ی شوباتی ١٩٥١)، و بڕیاری ژمارە (٧/٦٣٧) لە (١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٥١) کە تایبەت بوون بە پێدانی سەربەخۆیی بۆ گەل و هەرێمە داگیرکراوەکان کە ناسراوبوون بە بڕیاری (نەهێشتنی داگیرکاریی). کۆمەڵەی گشتیی لە بڕیاری ژمارە (٣١٣١) لە ساڵی (١٩٦٥) جەخت لەسەر مافی چارەی خۆنوسیین دەکاتەوە لە هەردوو بواری سیاسیی و ئابووریی. ئەم بڕیارانە بەشێوەیەکی کاریگەر بەشداربوون لە سەربەخۆیی بەشێکی زۆر لە گەل و نەتەوەکان لە ماوەی ساڵانی شەستەکان لە سەدەی پێشوو، هەروەها بڕیاری ژمارە (٢٦٢٥) لە (١٦ تشرینی دووەمی ١٩٧٠) لە خولی (٢٥)ی کۆمەڵەی گشتیی کە جەخت لەسەر مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلان دەکاتەوە بە پشت بەستن بە ژمارەیەک لە بەڵگەنامە و جاڕنامەی نێودەوڵەتی کە ئاماژەیان بە مافی بنەڕەتی مرۆڤەکان کراوە، گەلان مافی چارەی خۆنووسینیان هەیە و ئەو مافانە بە ئەندازەیەك گرینگییان هەیە کە مافی بنەڕەتی و سەرەکین لە مافەکانی نێودەوڵەتیدا، لە سەردەمی ئێستادا، ئەوەش وەکو یەکێك لە ماددەی سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر بنەمای پەیوەندی دۆستانەو ڕێزگرتن و لە یەك تێگەیشتن لە نێو گەلان و نەتەوەکان هەژمار دەکرێت.[٥]

بڕیارنامەی ژمارە (١٩٥/٨٠)ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە (١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥) پەسەندکرا، وەرچەرخانێکی جەوهەریی لە گوتاری یاسایی نێودەوڵەتیدا بەرانبەر دۆزی فەلەستین نیشان دەدات. ئەم بڕیارنامەیە تەنیا دووپاتکردنەوەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو بەستنەوەیەکی توندی یاساییە لە نێوان "مافی چارەی خۆنووسین" و "بۆچوونی ڕاوێژکاری دادگای نێودەوڵەتی (ICJ)" کە لە (١٩ی تەمموزی ٢٠٢٤) دەرچووە. گرنگیی ئەم دەقە لەوەدایە کە بە ئاشکرا داگیرکاریی ئیسرائیل لە ساڵی (١٩٦٧)ەوە بە نایاسایی دەناسێنێت و داوای کۆتاییهێنان بەو دۆخە دەکات بەبێ دواکەوتن. هەروەها جەختکردنەوە لەسەر یەکپارچەیی خاکی فەلەستین، لەوانەش قودسی ڕۆژهەڵات، وەک وەڵامێکی یاسایی دێت دژی هەر هەوڵێکی دابەشکاری یان گۆڕینی دیمۆگرافی. ئەم بڕیارنامەیە نەک هەر ڕەوایەتی دەدات بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین، بەڵکو بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی و یاسایی دەخاتە سەر شانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ گۆڕینی ئەم مافە تیۆرییە بۆ واقیعێکی سیاسی.[٦]

جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی گەلانی ڕەسەن (UNDRIP) وەک گرنگترین ئامرازی یاسایی نێودەوڵەتی دادەنرێت بۆ پاراستنی مافی ئەو گەلانەی کە لە ڕووی مێژووییەوە ڕووبەڕووی پەراوێزخستن بوونەتەوە. ئەم جاڕنامەیە کۆمەڵێک ستانداردی جیهانی دادەمەزرێنێت کە جەخت لەسەر مافی چارەی خۆنووسین دەکەنەوە، بە جۆرێک کە گەلانی ڕەسەن ئازادانە پێگەی سیاسی و گەشەپێدانی ئابووری و کولتووری خۆیان دیاری بکەن. یەکێک لە ڕەهەندە نوێیەکانی ئەم بەڵگەنامەیە، دانانە بە مافە دەستەجەمعییەکان شانبەشانی مافە تاکەکەسییەکان، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر پاراستنی ناسنامەی کولتووری، زمان، و دامەزراوە یاسایی و سیاسییەکانی تایبەت بە خۆیان.[٧]

گرینگترین بڕیارە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە مافی چارە خۆنووسین لەم تەوەرانەی خوارەوە دەخرێنەڕوو:

---

[١] ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەستووری کۆماری عێراقی فیدراڵ ساڵی (٢٠٠٥)، وەرگێرانی: عبدولقادر ساڵح، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار، سلێمانی، ٢٠١٩، ل ١٢٨-١٣٢.

[٢] تالیب رشید یادگار ، بنەما گشتیەکانی یاسایی نێودەوڵەتی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر ، ٢٠١٣، ل ١٠٥.

[٣] پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ، ل ٧١.

[٤] ساڵح عوسمان، گۆڕانی دیموکراسی و سەقامگیری سیاسی، چاپخانەیی بینایی، سلێمانی، ٢٠٢١، ل ١٩٢.

[٥] دلۆڤان رمضان، ریفراندۆمی سەربەخۆی گەلان لەڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر ، ٢٠٢٠، ل ٢٤.

[٦] الجمعية العامة للأمم المتحدة (في سياق الدورة الـ٨٠) قراراً يؤكد حق الشعب الفلسطيني في تقرير مصيره بأغلبية ساحقة (١٦٤ دولة)، في ديسمبر ٢٠٠٥.

[٧] مفوضية حقوق الإنسان، الجمعية العامة إعلان الأمم المتحدة بشأن حقوق الشعوب الأصلية في ١٣ أيلول/سبتمبر ٢٠٠٧.

## تەوەری یەکەم
## کۆمەڵەی گشتیی

بەمەبەستی بەدیهێنانی ئاشتی بۆ دانانی سنورێك بو ململانێ و جەنگ، کۆمەڵەی گشتیی لە بڕیارێکیدا ئاماژە دەدات کە بڕوای بەوە هەیە پرەنسیپی مافی یەکسان و مافی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەکان کاریگەری گرنگ و زۆری هەیە لە یاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخ و هەر گەلێک مافی ئەوەی هەیە کە ئازادی خۆی دەستنیشانبکات بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی، ئازادیە سیاسیەکانی دیاری بکات کە بگونجێ بۆ گەشەپێدانی ئابووریی و رۆشنبیریی کە واتە دەوڵەتەکان پابەندن کە بەشێوەیەکی تاک تاک و هاوبەش کار بکەن بۆ بەهێز کردنی ئەم پرەنسیپە و پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ نەتەوە یەکگرتووکان لە پێناو پەیڕەوکردنی ئەم پرەنسیپە، رێگریکراوە لە دەوڵەتەکان لە بەکارهێنانی هێز بۆ بەش کردنی گەلان لەم مافە.(١)

## تەوەری دووەم
## ئەنجوومەنی ئاسایش

ئەنجوومەنی ئاسایش چەند بڕیاریکی دەرکردووە کە تایبەتن بەمافی چارەی خۆنوسیین، وەک بڕیاری ژمارە (٣٨٤)ی لە (١٩٧٥/١٢/٢٧)، لەسەر مافی چارەی خۆنووسین بۆ (گەلی تەیموری رۆژهەڵات) دوای ئەوەی بڕیاری ژمارە (١٣٧٢) لە (١٩٩٩) دەرکردووە کە دانانی بەڕێوەبەرایەتییەکی کاتی لەخۆگرتووە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئەو هەرێمە بە مەبەستی پێدانی مافی چارەی خۆنووسین بەو نەتەوەیە.(٢)

## تەوەری سێیەم
## رێکەوتنی هەرێمی

ژمارەیەک رێکەوتنی هەرێمی، بڕیاریان لەسەر مافی چارەی خۆنوسیین داوە گرنگتریان ئەم دوو رێکەوتنەی خوارەوەیە:

**لقی یەکەم**: جاڕنامەی نیشتیمانی جەزائیر لە (١٩٧٦) دەرچووە تیایدا هاتووە (مافی چارەی خۆنووسین مافێکی بنەڕەتی و وەرنەگیراوەی هەموو گەلانە. جەزائیر پشتگیری لە خەباتی هەموو ئەو گەلانە دەکات کە لەژێر دەسەڵاتی بێگانەدان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و ئازادییان. هەر گەلێک مافی تەواوی هەیە بە ئازادی و بەبێ دەستتێوەردانی دەرەکی، سیستەمی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی هەڵبژێرێت و چارەنووسی خۆی دیاری بکات).(٣)

**لقی دووەم**: لە دەقی ماددەی (٢٠)ی پەیماننامەی ئەفریقیی بۆ مافەکانی مرۆڤ و گەلان لە ساڵی (١٩٨١)دا هاتووە "هەر گەلێک مافی هەبوون و ڕەها و جێگیری هەیە لە دیاریکردنی چارەنووسەکەی، بۆی هەیە بە ئازادی بارودۆخە سیاسییەکەی دیارییکات، گەشەسەندنە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکەی بە بەویستی خۆی هەڵبژێرێت. بەڵام لە ململانێیی نامیبی لەگەڵ باشوری ئەفریقا، ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاری ژمارە (٤٣٥) لە ساڵی (١٩٨٧) دەرکرد، کە ئامانج لێی بەجێگەیاندنی پاشەکشەی بەڕێوەبردنی باشوری ئەفریقا بوو، گواستنەوە و دەسەڵات بوو بۆ گەلی نامیبی، مافی چارەی خۆنووسینی پێبەخشی، هەروەها بەرانبەر دەوڵەتانی ئەندام تێیدا.(٤)

## تەوەری چوارەم
## دادگا نێودەوڵەتییەکان

مافی چارەی خۆنووسین لە بڕیارەکانی دادگا نێودەوڵەتیەکاندا کاریگەری هەبووە لە ناساندنی سروشتی یاسایی و داواکردن و ئەمرکردن بە پرەنسیپی مافی چارەی خۆنوسین لە بەشێک لەو کێشانەی خراونەتە بەردەمی وەک کێشەی نامیبیا لە ساڵی (١٩٧١)، کێشەی بیابانی رۆژئاوا لە ساڵی (١٩٧٥)، کێشەی تەیموری رۆژهەڵات لە ئەندەنوسیا لە ساڵی ( ٢٠٠٢)، سەربەخۆیی (کۆماری باشووری سودان) لە سودان لە ساڵی (٢٠١١)، جیابوونەوەی (کۆسۆڤۆ) لە (سربیا)، کێشەی دیواری جیاکردنەوەی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستین، بۆ نمونە لە بڕیاری دادگای دادوەری نێودەوڵەتی (International Court of Justice) لەساڵی (١٩٩٥) سەبارەت بەهەرێمی تەیموری رۆژهەڵات پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم، دادگا گوتی: سووربوونی پرتوگال لەسەر مافی چارەی خۆنووسینی گەلان هەروەکو لە پەیمان و جێبەجێکردنی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە سیفەتێکی پابەندی گشتیی هەیە، مافی چارەی خۆنووسین دانپێدانراوە لە لایەن پەیمانی نەتەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیاری دادگا نێودەوڵەتیەکان و یەکێکە لە پرەنسیپە سەرەکیەکانی یاسای نێودەوڵەتی نوێ، واتا وڵاتان ناتوانن بەپێچەوانە رێکەوتن بکەن و لێی لابدەن.(٥)

دادگای دادی نێودەوڵەتیی لە بڕیارێکی ڕاوێژی ژمارە (١٣٦)ی ساڵی (٢٠٠٤) لەسەر دیواری جیاکردنەوەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین، جەختی لە بنەمای پابەندی سروشتیی یاسایی بۆ مافی چارەی خۆنووسین کردەوە و بەپێی بۆچوونی دادگاکە هەر کارێک پێچەوانەی ئەم مافە بێت بە ناڕەوا دادەنرێت بەپێی یاسای نێودەوڵەتی گشتیی و لە بڕیارەکەدا هاتووە: (گەلی فەڵەستینی مافی چارەی خۆنووسینی هەیە و دروستکردنی دیواری جیاکردنەوە بە پێشێلکاری دادەنرێت).(٦)

## تەوەری پێنجەم
## شێوەکانی مافی چارەی خۆنووسین

مافی چارەی خۆنووسین دوو شێوەی هەیە، یەکەمیان، مافی چارەی خۆنووسینی ناوخۆییە، دووەمیشیان مافی چارەی خۆنووسینی دەرەکییە کە لە خوارەوە دەخرێنەڕوو: (٧)

---

(1) General Assembly Resolution (1970) No. 2625, Annex 25 UN GAOR, support No. 28, UN.

(٢) جميلة فراراجي، مبدأ حق شعوب في تقرير مصيرها بين النظرية والتطبيق، رسالة الماجستير في القانون العام، جامعة مولود مصري_تبزي وزو، كلية الحقوق، ٢٠٠٩، ص ٥٨.

(٣) الميثاق الوطني الجزائري لعام ١٩٧٦، الباب المتعلق بالسياسة الخارجية ومبادئ السيادة الوطنية، الجزائر، ١٩٧٦، ص ٦٠.

(٤) ياسين بن عمر، حق تقرير المصير وحق الانفصال في القانون الدولي المعاصرة مجلة العلوم القانونية والسياسية، جامعة الشهيد حمة لخضر الوادي، عدد ١٢، ٢٠١٦، ص ٢٤٥.

(5) ICJ. Document, No.95/19,30 June, case concerning East Timor (Portugal v. Australia). 1995, P. 8.

(6) Stephen Allen, Quoted From: International Law, Pearson; England, Ist. Pub, 2013. P. 138.

(٧) گزنگ علی عزیز، رێبوار جەبار شێخە، مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد لە عێراق و تێروانینێکی یاسایی بۆ ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧دا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٤، ژمارە ٢، ٢٠٢١، ل ١٩٢.

**لقی یەکەم**: مافی چارەی خۆنووسینی ناوخۆیی: بەمانای مافی زۆرینەی گەل دێت لەناو یەکێتییە سیاسیەکەی کە نوێنەرایەتی دەکات، بەپێی بنەماکانی هەردوو یاسای نێودەوڵەتی و دەستووری، لە سودمەندبوون لە دەسەڵات بۆ دروستکردنی شێوازی فەرمانڕەوایی و دام و دەزگای نیشتیمانی بەو شێوەی کە گونجاو بێت لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەو زۆرینانە.[1] کە واتە مافی هەر گەلێکە لە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری خۆی بژی کە بەویستی تەواوی خۆی بە بێ هیچ کۆت و مەرجێکی بارودۆخی ناوخۆیی.[2]

**لقی دووەم**: مافی چارەی خۆنووسینی دەرەکی: بریتییە لەو شێوە باوەی مافی چارەی خۆنووسین کە گەلان مافی خۆیانە بە ئازادانە بارودۆخی تایبەتی خۆیان دیاری بکەن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و بڕیاردان لەسەر ئەم مافە بە ئازادی بۆ دیاری کردنی چارەنووسیان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی، ئەمە بە جیابوونەوە بێت لە دەوڵەتی بنەڕەت و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خاوەن سەروەری بێت یان بەستنەوەی بەکیانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ یاخود یەکگرتنی لەگەڵ دەوڵەتێکی تردا.[3]

## باسی سێیەم

## سیستەمی فیدراڵی و دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە دەستووری عێراقدا

### تەوەری یەکەم

### فیدراڵی لە عێراق

فیدراڵییەت چەند فۆرمێکی جیاوازی بەرجەستەبووی لەسەر ئاستی جیهان هەیە، بۆ نمونە: فیدراڵییەت لەسەر بنەمای نەتەوەیی، لەسەر بنەمای دیین و مەزهەب، لەسەر بنەمای کارگێری، بەڵام لە هەموو ئەو فۆرمانەدا خەسڵەتی سەرەکیی بریتییە لە دابەشکردنی دەسەڵات و جۆری بەیەکەوە ژیانی ئەو پێکهاتانەی لە چوارچێوەی ئەو کیانەدا دەژین. وەکو لە ئەزموونەکانی فیدراڵییەت دەردەکەوێت، ئاڵۆزترین جۆری فیدراڵییەت، فیدراڵییە لەسەر بنەمای نەتەوەیی. لەو ڕووەوە ئەزموونی فیدراڵییەتی عێراق تازەیە و لە دەستووری ساڵی (٢٠٠٥) عێراق وەک دەوڵەتێکی فیدراڵی ناسێندراوە. سەرەڕای ئەوەش بارودۆخی سیاسیی عێراق بە شێوەیەکە ڕەنگە بە ماوەیەکی کورت نەکرێت بە ئاسانیی سیستەمی فیدراڵیی تێدا بەرقەرار بکرێت، بۆیە لە ئەگەری بەرقەرار نەبوونی، دەکرێت پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق هانا بۆ مافی چارەی خۆنووسین ببەن، هەرچەندە بیرۆکەی گۆڕینی عێراق بۆ چەندین هەرێم گفتوگۆی لەسەر کراوە، بەڵام هەوڵەکان کپ کراونەتەوە.[4]

لە لایەکی دیکەوە، بەپێی ماددەی (١١٦) لە دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)، سیستەمی فیدراڵی لە عێراق پێکدێت لە پایتەخت و هەرێم و پارێزگا و ئیدارەی لامەرکەزی و بەپێی ماددەی (١١٩) هەرێمەکان لە پارێزگایەک یان چەند پارێزگایەک پێکدێن و دوو هەرێم یان زیاتر مافی ئەوەیان هەیە نوێنەرایەتیان هەبێت لە هەرێمێکدا بە یەکێک لەم دوو ڕێگایە:

أ. لەسەر داوای (٣/١) ئەندامانی هەریەک لە ئەنجوومەنی پارێزگاکان کە بەنیازن هەرێم پێکبهێنن.

ب. لەسەر داواکاری دەیەکی (١٠/١) ی دەنگدەرانی ئەو پارێزگایانەی کە داوای پێکهێنانی هەرێمەکە دەکەن.[5]

### تەوەری دووەم

### دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمەکان

دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمەکان پێکدێت لە سەرۆکی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران باڵاترین دەزگای جێبەجێکاری هەرێمە و دەسەڵاتەکانی لەژێر سەرپەرشتی سەرۆکی هەرێمدا جێبەجێدەکات و داهاتی هەرێم لە پشکی دیاریکراوی بودجەی گشتی حکومەت و لە سەرچاوەکانی هەرێمەوە دابیندەکرێت. ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم لە سەرۆک وەزیرانی هەرێم و ژمارەیەک وەزیر پێکدێت. لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣)، نەخشەی سیاسیی لە عێراق گۆڕا و لەم قۆناغە نوێیەدا، سیستەمی فیدراڵیزم جێگەی سیستەمی مەرکەزی گرتەوە، بۆ یەکەم جار لە دەستوری کاتیی عێراقدا، کە بە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ ماوەی ڕاگوزەری ناسرابوو کە دەستوورێکی کاتیی بوو لە عێراق لە (٨ی ئازاری ٢٠٠٤)، لە ئەنجومەنی حوکمڕانیی عێراقەوە واژووکرا و لە (٢٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٤) جێبەجێکرا و سیستەمی فیدراڵیزم چەسپێنرا، ماددەی چواری ئەم یاسایە بە ڕاشکاوی ئەوەی خستەڕوو کە سیستەمی سیاسی لە عێراقدا سیستەمێکی فیدراڵی، دیمۆکراسی و فرەییە کە تێیدا دەسەڵات لە نێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکان دابەشدەکرێت، دواتر فیدراڵیزم بە فەرمی لە دەستووری هەمیشەیی عێراقی لە ساڵی (٢٠٠٥) چەسپێنرا.[6]

## باسی چوارەم

## چوارچێوەی گشتی و پرسی پێداچوونەوە بە دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)

### تەوەری یەکەم

### ناساندنی دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)

دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٥)، لە ڕیفراندۆمدا لە ( ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥) هاووڵاتیان بە ڕێژەی (٧٨%) دەنگیان پێدا، سەرەرای ئەوەی نووسەران، ڕۆژنامەنووسان، چالاکوانانی مافی مرۆڤ، کۆمەڵەی ژنان، هاوڵاتییانی ئاسایی و شارەزایانی دەستوور، تێبینییان لەسەر هەندێک لە بڕگەکانی دەستوور هەبووە وەک: جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، پرسەکانی پەیوەست بە باری کەسی، دانانن بە ناسنامەی عێراقی، پرسی فیدراڵی، دابەشکردنی سامان و زمانی یاسایی. دەستووری عێراق بە دیموکراسیتر لە هەموو دەستوورە عەرەبییەکان دادەنرێت، چ لە دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و چ لە دامەزراندنی چاودێری و لێپرسینەوەی

---

(١) خاموش عمر عبدالله، استفتاء تقرير المصير، دراسة تحليلية مقارنة، ط١، منشورات زين حقوقية، لبنان، ٢٠١٩، ص ١٩.

(٢) جميلة فراراجي، مصدر سابق، ص ١٥.

(٣) دەوەن محمد جەزا عبدالله، طبيعة الاعتراف و أثرها على ممارسة حق تقرير المصير، دراسة تحليلية و تطبيقية، اطروحة دكتوراه، جامعة السليمانية،كلية القانون، ٢٠١٨، ص ٣٩.

(٤) ساڵح عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٣.

(٥) ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەستووری کۆماری عێراقی فیدراڵ ساڵی (٢٠٠٥)، وەرگێرانی: عبدولقادر ساڵح، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار، سلێمانی، ٢٠١٩، ل ١٥٨-١٥٩.

(٦) هەمان سەرچاوە، ل ٦٤.

زیاتر بەرانبەر بە دەسەڵاتی یاسادانان و جەختکردنەوە لەسەر ئازادییە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتییان و دەستەبەرکردنی مافەکانی کەمینەکان.[١]

## تەوەری دووەم

## پرۆسەی پێداچوونەوە بۆ هەموارکردنی دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراق (٢٠٠٥)

چەندین جار لایەنە سیاسیەکان و پەرلەمانتارەکان پرۆسەی پێداچوونەوە بۆ هەموارکردنەوەی دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) خراوەتەروو، بەگشتی دوو ماددە هەیە کە باس لە هەموارکردنەوەی دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) بکات بەم شێوەیەی خوارەوە:

**لقی یەکەم:** ماددەی (١٤٢) کۆمەڵێک مەرجی بۆ هەموارکردنی دەستوور کردووە وەک: ئەنجومەنی نوێنەران لەسەرەتای کاریدا لیژنەیەکی تایبەت لە ئەندامانی پێکدەهێنێت کە نوێنەرایەتی پێکهاتە سەرەکیەکانی کۆمەڵگەی عێراقی بکات، ئەرکی بریتیە لە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێك بۆ ئەنجومەنەکە لە ماوەیەکدا لە (٤) چوار مانگ تێپەر نەکات، پاشان هەموارکردنە پێشنیارکراوەکان دەخرێتە بەردەمی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ دەنگدان و پێشنیارەکانی هەموارکردن بە پەسەندکراو دادەنرێن بە ڕەزامەندی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجومەن، دواتر بۆ گەل دەخرێتە ڕوو بەمەبەستی ڕاپرسی و دەرئەنجامی ڕاپرسی لەسەر ماددە هەموارکراوەکان بە سەرکەوتوو دادەنرێت ئەگەر زۆرینەی دەنگدەران ڕەزامەندی لەسەر نیشان بدەن و (٢/٣) ی دەنگدەران لە پارێزگا یان زیاتر ڕەتی نەکەنەوە.[٢]

لەم ڕووەوە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لیژنەی کاتی بۆ پێشنیازکردنی هەموارکردنەوەی دەستوور بە فەرمانی ژمارە (٢٢١) لە (٣ی تشرینی دووهەمی ٢٠١٩) پێکهێنرا، بەپێی ماددەی (١٤٢)ی دەستووری عێراقی ماوەی چوار مانگی لە بەردەم بوو بۆ ئەوەی پێشنیازەکانی خۆیان سەبارەت بە هەموارکردنەوە ئامادە بکەن، بەڵام لەو ماوەیەی کە پێیاندرا ئەو لیژنەیە نەیتوانی لە ماوەی یاساییدا کارەکانی خۆی جێ بەجێ بکات.

**لقی دووەم:** دەتوانرێت دەستوور بە ڕێکارێکی گشتی هەموار بکرێتەوە کە لە ماددەی (١٢٦)دا هاتووە و ژمارەیەک مەرج دەست نیشان کراوە وەک: سەرۆك کۆمارو ئەنجومەنی وەزیران پێکەوە یان پێنج یەکی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران مافی پێشنیارکردنی هەموارکردنی دەستووریان هەیە و نابێت ئەو بنەما بنەڕەتي و ماف و ئازادیانەی کە دەستووردا هاتوون هەمواربکرێن مەگەر پاش دوو خولی هەڵبژاردنی تر پاش ڕازیبوونی (٢/٣)ی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لەسەری و ڕازیبوونی گەل لە ڕێگای ڕاپرسی گشتیەوەو پەسەندکردنی سەرۆك کۆمار لەماوەی حەوت ڕۆژدا. سەرەرای ئەوەش نابێت هیچ هەموارکردنێك لەو ماددانەی دەستووردا ئەنجام بدرێت کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو دەسەڵاتانەی هەرێمەکان کە ناکەونە سنووری دەسەلأتە تایبەتەکانی حکومەتی فیدرالیەوە تەنیا بە ڕەزامەندی دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێمی پەیوەندیدارو ڕەزامەندی زۆرینەی دانیشتوانی لە ڕێگای ڕاپرسی گشتیەوە[٣].

## باسی پێنجەم

## هەڵوێستی دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) لە بارەی مافی چارەی خۆنووسین

## تەوەری یەکەم

## مافی چارەی خۆنووسین لە دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)

شیکردنەوە بۆ دەقە دەستوورییەکان بە تایبەت لەسەر مافی چارەی خۆنووسین لە چوارچێوەی دەستووری عێراقی (٢٠٠٥)، یەکێکە لە کێشە یاسایی و سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ، چونکە هەردوو لایەن شیکردنەوە و دیدگای جیاوازیان بۆ دەقە دەستووریەکان هەیە، ناوەند بەشێوەیەك ڕاڤەی دەقە دەستووریەکان دەکات کە هیچ برگەیەکی دەستوورەکە ڕێگاناداتی بە ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ جیابوونەوە، چونکە دەستوور جەخت لە سەروەری و یەکپارچەیی تەواوی عێراق دەکاتەوە، بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە هەرێمێک یان پارێزگایەکی دیاریکراو ناتوانێت ڕاپرسی بۆ جیابوونەوە لە عێراق بکات، بەڵام دیدی هەرێمی کوردستان جیاوازە و شیکردنەوەی تریان بۆ دەقە دەستووریەکان هەیە، چونکە عێراق واژۆی لەسەر ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتیانە کردووە کە مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتییەکان و تەنانەت مافی چارەی خۆنووسین لەخۆ دەگرن، بۆیە بە گوێرەی دەستووری هەمیشەیی ساڵی (٢٠٠٥)، عێراق پابەندیەتی تەواوی بە پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان دوپاتکردۆتەوە، هەروەك لە ماددەی (٨)دا هاتووە: (عێراق کاردەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکان بەشێوەی ئاشتیيانە و ڕێز لە پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکان دەگرێت)، هەروەها لە ماددەی (٩-یەکەم-هـ)دا هاتووە: (حکومەتی عێراق ڕێز لەو پابەندبوونە نێودەوڵەتیانە دەگرێت)، دواتر هانا بۆ دادگای باڵای فیدراڵی بردرا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان، بەڵام خودی دادگاکە یەکێکە لە کێشەکان لە نێوان هەرێم و ناوەند.[٤]

بە وورد بوونەوە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)، هیچ دەقێک بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە بوونی نییە کە ئاماژە بە مافی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوە و پێکهاتەکانی عێراق بکات بۆ جیابوونەوە و سەربەخۆیی، دوو هۆکاری سەرەکی هەبوون کە لە کاتی نووسینەوەی دەستووری عێراقی (٢٠٠٥) باس لە مافی چارەی خۆنووسین نەکرێت، هۆکاری یەکەم: ناوخۆیی بوو کە زۆرینەی دانیشتوانی عێراق لە نەتەوەی عەرەبن و نووسینی ئەم مافە ئاسان نەبوو، هۆکاری دووەم: هۆکاری دەرەکی بوو کە وڵاتانی زلهێزی جیهان ڕۆڵیان هەبوو لە نووسینەوەی دەستوور.[٥]. سەرەرای ئەوەش، ئەگەر شیکردنەوە بۆ دەستووری هەمیشەیی عێراقی (٢٠٠٥) بکرێت، دەبیندرێت لە بەشی کۆتایی دیباجەکەی نووسراوە "ئێمەی گەلی عێراق بە سەرجەم پێکهاتەکانەوە، بە ویستی خۆمان بە ئازادی و ئارەزوومەندانە، بڕیاری یەکگرتنی ئارەزوومەندانەمان داوە .... پابەندبوون بەم دەستوورەش یەکێتی ئازادانەی گەل و خاک و سەروەری عێراق دەپارێزێت"، کەواتە ئەگەر لایەنێک پابەند نەبێت بەم دەستوورە، لایەنەکەی دیکە دەتوانێت جیا ببێتەوە، لەم ڕووەوە دەکرێت ئاماژە بە ماددەی (١٤١)ی دەستوور بکرێت جەخت لەسەر بوونی هەرێمی کوردستان دەکاتەوە پێش دانانی دەستوور، واتە

---

(١) مرکز العراق العلومات الديمقراطيه، سلسله اوراق ديمقراطيه، العدد السادس أكتوبر تشرين الأول، ٢٠٠٥، ص ٦.

(٢) ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەستووری کۆماری عێراقی فیدراڵ ساڵی (٢٠٠٥)، وەرگێرانی: عبدولقادر ساڵح، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار، سلێمانی، ٢٠١٩، ل ١٩٥-١٩٦.

(٣) باس نیوز، کورد پێدگرە دەستوری عێراق بەپێی ماددەی ١٤٢ هەمواربکرێتەوە، ٢٨-٢٢-٢٠١٩، https://www.basnews.com/so/babat/564102

(٤) دادگای باڵای فیدڕاڵی عێراق، بڕیاری ژمارەکانی (٨٩، ٩١، ٩٢، ٩٣) لەسەر هەرێمی کوردستان و پارێزگاری کەرکوک تۆمارکران ٢٠١٧، ل ١-٦. بۆ زانیاری زیاتر بروانە:https://www.iraqfsc.iq/searchkrar.php ڕێکەوتی سەردان (٢٠٢٥/١٠/١٠)

(٥) گزنگ علی عزیز، ڕێبوار جەبار شێخە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٦.

هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە لەگەڵ عێراق دەوڵەتی فیدراڵی عێراقیان پێکهێناوە و پابەندنەبوون بە دەستوور، هەرێمی کوردستان دەباتەوە قۆناغی پێش دانانی دەستوور، لێرەدا هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی داوای جیابوونەوە بکات.[١] بە ڕاڤەکردن بۆ دیباجەی دەستوور ئەگەر هەر لایەنێک لە لایەنەکانی یەکگرتنی عێراق، سەلماندی پێشێلکاری دەستوور هەیە، مافی هەیە ئەم یەکگرتنە کۆتایی پێ بهێنێت.[٢]

واتە لە دەستووری هەمیشەیی عێراق کە دیباجە بەشێکی دانەبراوە لە دەستوور، ئاماژە بە پابەندبوون بە دەستوور دەکات بۆ پاراستنی یەکێتی گەل و خاکی عێراق، ئەمەش مانای وایە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ دەرفەت بە پێکهێنەرەکانی عێراق دەدات لە ئەگەری پێشێلکاری دەستوور، داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەم یەکگرتوویە بکەن کە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە هاتۆتە ئاراوە و بە شێوەیەکی دیمۆکراسی ئایندەی سیاسی خۆیان دیاری بکەن و گونجاوترین ماف بریتییە لە بڕیاردان بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسین، هەرچەندە ئەو بیر و ڕایە یاساییە هەیە کە دیباجەی دەستوور هێزی پابەندبوونی نییە و دیباجە بریتییە لە بیر و هزری فەلسەفەی دەوڵەت و پابەند بوون پێی پێویست بە دەقێک دەکات کە لە ناو دەستوور هەبێت و تەنها پشت بەستن بەم دەقەی دیباجە ناتوانرێت مافی چارەی خۆنووسین لە دەستووری عێراق بچەسپێندرێت، لەبەر ئەوەی هیچ ڕێکار و ڕێوشوێنێکی دانەناوە، سەرای ئەوەش لە دیباجە ئاماژە نەدراوە کە بەهای یاسایی دیباجە هەمان بەهای یاسایی ناوەڕۆکی دەستووری هەیە، ئەم دەقەی دیباجە مانای مافی چارەی خۆنووسین بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ دەگەیەنێت، بەڵام بە هۆی ئەوەی ڕای جیاواز لەسەر هێزی یاسایی دیباجەی دەستوور هەیە، بۆیە ناتوانرێت بگوترێت دەستووری هەمیشەیی عێراقی (٢٠٠٥) مافی چارەی خۆنووسینی داوە بە پێکهاتەکانی.[٣] تەنها لایەنی تایبەتمەندی یاسایی بۆ ڕاڤەکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق بریتییە لە دادگای باڵای فیدراڵی کە هیچ ڕاڤەیەکی بۆ ئەم دەقەی بەشی کۆتایی دیباجەی دەستوور نەکردووە، بۆیە ناتوانرێت بە شێوەیەکی ڕەها ڕاڤەی ئەوە بکرێت کە ئەم دەقەی دیباجەی دەستوور هێزی یاسایی و پابەندی نییە.

هەروەها ماددەی (٨)ی دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) ئاماژە بە پابەندبوونی دەوڵەتی عێراق بە پابەندییە نێودەوڵەتییەکان دەکات، یەکەم پابەندی نێودەوڵەتیی کە دەکەوێتە ئەستۆی عێراق بریتییە لە داننان بە مافی چارەی خۆنوسیین بۆ نەتەوە و گەلانی وڵاتەکەیدا، ئەویش بەپێی ماددەی (١)ی هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ساڵی (١٩٦٦)، کە عێراق پەسەندی کردووە؛ هەروەها ماددەی (١/برگەی ٢) و ماددەی (٥٥)ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە عێراق تێیدا ئەندامە، جگە لەوەش ماددەی (٥٦)ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان وڵاتانی ئەندامی ناچار دەکات بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلانی سنووری وڵاتەکەیانەوە پابەند بن. پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان و چەندین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی هەن کە زۆر بە ڕاشکاوی ئاماژە بە ماف و ئەرکی ووڵاتان و گەلانی جیهان دەکات.[٤] بۆیە مافی چارەی خۆنووسین ئەگەرچی لە دەستووری هەمیشەیی عێراق بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە بوونی نییە، بەڵام پابەندیەکی یاساییە لەسەر حکومەتی عێراق بۆ ڕێگەدان بەو پێکهاتانەی کە داوای مافی چارەی خۆنووسین دەکەن لە چوارچێوەی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان، ئەمەش لەبەر ئەوەی عێراق پەیماننامەکانی پەسەند کردووە. لە لایەکی دیکەوە، هیچ دەقێک لە دەستووری هەمیشەیی عێراقی (٢٠٠٥) بوونی نییە کە ڕێگری لە مافی چارەی خۆنووسین بکات.[٥] لێرەدا بنەمای (ڕەها کاری پێدەکرێت ئەگەر بە دەق بە سنووردار نەکرێت- المطلق يجري على إطلاقه مالم يقيد بنص) دێتە ئاراوە کە لەبەر ئەوەی هیچ دەقێکی دەستووری نییە، بۆیە ناتوانرێت ڕێگری لە پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوە و پێکهاتەکان بکرێت.

بە بۆچوونی ئێمەی توێژەر لە ڕوانگەی شیکردنەوەی دەقە یاسایی و دەستوورییەکانەوە، دەگەینە ئەو ڕایەی کە بێدەنگیی دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) بەرامبەر بە مافی چارەی خۆنووسین، بە واتای ڕێگریکردن یان قەدەغەکردنی ڕەهای ئەم مافە نایەت. لە ڕووی بنەما یاساییەکانەوە، لەبەرئەوەی هیچ دەقێکی ڕاشکاوانە لە دەستوور بوونی نییە کە ڕێگری لە ڕاپرسی و پرسی جیابوونەوەی نەتەوە و پێکهاتەکانی عێراق بکات، بۆیە ناتوانرێت ئەم مافە زەوت بکرێت. دیباجەی دەستوور، کە بەشێکی دانەبڕاوە لە فەلسەفەی یاسایی دەوڵەت، بە ڕوونی یەکگرتنی عێراقی بە "ئارەزوومەندانە" وەسف کردووە و مەرجی مانەوەی یەکێتیی خاک و گەلی بە "پابەندبوون بە دەستوور" گرێداوە. ئەمەش بەو مانایە دێت کە هەر پێشێلکارییەکی دەستووری لەلایەن ناوەندەوە، پاساوی یاسایی بە پێکهاتەکان دەدات بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو گرێبەستە ئارەزوومەندانەیە و داواکردنی مافی جیابوونەوە، بەتایبەت بۆ هەرێمی کوردستان کە پێش دەستووریش قەوارەیەکی دانپێدانراو بووە، پشت بەستن بە ماددەی (٨)ی دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)دا، کە عێراق پابەند دەکات بە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، وەک پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ساڵی (١٩٦٦)، مافی چارەی خۆنووسین دەکاتە پابەندییەکی یاسایی نێودەوڵەتی بەسەر عێراقەوە. لە دیدی هەرێمی کوردستان و عێراق لێکدانەوەی جیاوازی بۆ ماددەی (٨)ی دەستووری هەمیشەیی عێراقی (٢٠٠٥) دەکرێت و تێڕوانینەکان جیاوازن کەواتە، کێشەی سەرەکی لە نەبوونی مافەکەدا نییە لە ڕووی دەستووری و یاساییەوە، بەڵکو لە نەبوونی ئیرادەی سیاسیی ناوەند و لێکدانەوەی یەکلایەنەی دادگای باڵای فیدراڵییە کە ڕێگرن لە جێبەجێکردنی ئەم مافە دەستووری و نێودەوڵەتییە.

## تەوەری دووەم

## ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان

هۆکارە سەرەکیەکانی پشت داواکردنی جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق بریتی بوون لە هۆکاری یاسایی وەک جێبەجێنەکردنی دەستوور، هۆکاری ئابووری وەک برینی بەشە بودجەی هەرێم، هۆکاری سیاسی وەک نەمانی پرەنسیپی تەوافوق و شەراکەت.[٦] لەم رووە هەرێمی کوردستان لە (٢٠١٧/٩/٢٥) ریفراندۆمی بە پرسیاری "ئایا دەتەوێت هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم سەربەخۆ بن؟" ئەنجامدا کە دەرئەنجامەکەی (٢,٨٦١,٤٧١) دەنگی بەڵێ بە ڕێژەی ( ٩٢,٧٣%) و

---

[١] شاری خالد مەعروف، جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە دەوڵەتی عێراق وەک یەکێک لە رێگا چارەکانی کێشەکان، بەرگی (٣)، ژمارە (١)، گۆڤاری قەڵای زانست. ٢٠١٨، ل ٤٨-٤٩.

[٢] گزنگ علی عزیز، ڕێبوار جەبار شێخە، سەرچاوە پێشوو، ل ١٩٦.

[٣] لەسەر سەرچاوەی پێشوو ل١٩٧.

[٤] شاری خالد مەعروف، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

[٥] بێوار عبدالرحیم نێروەیی، پەسار عبدالکریم نێروەیی، پیادەکردنی مافی چارەنووس لە دەوڵەتی فیدراڵی دا، وەقایعی کۆنفرانسی نۆیەمی زانکۆی نێودەوەوڵەتی تیشک بۆ پرسە یاساییەکان، ٢٠٢٤. ل. ٨.

[٦] هەمان سەرچاوە، ل ٣٥-٤١.

(٢٢٤,٤٦٤) دەنگی نەخێر بە ڕێژەی (٧,٢٧%) بوو. دواتر لە (٢٠١٧/١١/٢٠) دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، بڕیاری نادەستووریبوون و هەڵوەشاندنەوەی ڕیفراندۆمەکەیدا بە هۆکاری ئەوەی هیچ دەقێک لە دەستووری عێراق نەهاتووە باس لە جیابوونەوەی نەتەوەکانی عێراق بکات. لە لایەکی دیکەوە دوو ڕۆژ دوای ڕیفراندۆم، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەبێ ئامادەبوونی نوێنەرانی هەرێمی کوردستان، لە یەک دانیشتندا (١٣) سێزدە بڕیاری نایاسایی و نادەستووری لە دژی هەرێمی کوردستان دەرکرد کە ئامانج لێیان سزادانی بەکۆمەڵی خەڵکی هەرێمی کوردستان بوو.[١] تەنها پاڵپشتی یاسایی بۆ سەرکردایەتی سیاسی کورد بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠١٧) بریتی بوو لە دەقی کۆتایی دیباجەی دەستووری هەمیشەیی عێراق کە ئاماژەی بە پابەندبوون بە دەستوور یەکێتی ئازادانەی خاکی عێراق دەپارێزێت.[٢]

ژمارەیەک لە یاساناسانی عێراقی و دادگای باڵای فیدراڵی بیروبۆچوونیان وایە لە ڕووی یاساییەوە دەنگدانی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بۆ دەستووری هەمیشەیی عیراقی ساڵی (٢٠٠٥) و هەڵبژاردنی شێوازی فیدراڵی لە چوارچیوەی عێراقدا بریتییە لە پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسین، لە دەوڵەتی فیدراڵیشدا یەکێک لە هەرێمەکان یان چەند هەرێمێک ناتوانێت جیاببێتەوە بەڵکو دەبێت هەموو گەلی وڵاتەکە لە ڕاپرسییەکی نوێدا بڕیار لەسەر چارەنووسی تازەی خۆی بدات، واتا سەرجەم نەتەوەکانی عێراق نەک بە تەنها یەک نەتەوە.[٣]

## تەوەری سێیەم

## ئەرکی دادگای باڵای فیدراڵیی لە راڤەکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق (٢٠٠٥)

بەپێی (ماددەی ٩٢/برگەی دووەم) لە دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)، پێویستە دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق بە یاسایەک دابمەزرێت کە بەدەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دەرکرا بێت. لە ئێستادا هیچ دادگایەك بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) لە عێراقدا بوونی نییە بە ناوی دادگای باڵای فیدراڵی کە دامەزرابێت، و هیچ یاسایەك بۆ دامەزراندنی دادگای فیدراڵی لە پەرلەمانی عێراق دەرنەچووە وەک ئەوەی لە ماددەی (٩٢)ی دەستووردا هاتووە، ئەو دادگایەی ئێستا هەیە بەناوی (دادگای باڵای فیدراڵیی عێراق) بە فەرمانی ژمارە (٣٠) لە ساڵی (٢٠٠٥) لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ دامەزراوە، لەم ڕووەوە دادگای باڵای فیدراڵی یەکێکە لە کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ لەبەر ئەوەی یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکییانەی کە لەنێوان حکومەتی فیدڕاڵی و هەرێمی کوردستان دروست دەبن لە تایبەتمەندی ئەو دادگایەیە. پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان لە (٢٠١٧/٩/٢٥) (٤) چوار سکاڵا بە ژمارەکانی (٨٩، ٩١، ٩٢، ٩٣) لەسەر هەرێمی کوردستان و پارێزگاری کەرکوک لە دادگای باڵای فیدڕاڵی عێراق تۆمارکران. لەم ڕووەوە دادگای باڵای فیدراڵی، ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستانی بە دوو بریار رەتکردەوە و بە نادەستووری وەسف کرد.[٤] دادگای باڵای فیدراڵی پاڵپشت بە ماددەی (٩٣/برگەی دووەم) لە دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) کە یەکێک لە تایبەتمەندەکانی دادگای باڵای فیدڕاڵی راڤەکردنی دەقە دەستوورییەکانە، بۆ بڕیاری نادەستووری ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان پشتی بە چەند ماددەیەکی دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)، بەستووە و شیکردنەوەی بۆ کردووە بەم شێوەیە: [٥]

١. شیکردنەوەی بۆ ماددەی (١) کردووە کە تیادا نووسراوە کۆماری عێراق دەوڵەتێکی فیدڕاڵی یەکگرتووی سەربەخۆی خاوەن سەروەری تەواوە، رژێمی فەرمانڕەوایەتی تێیدا کۆماری نوێنەرایەتی (پەرلەمانی) دیمۆکراسیە،ئەم دەستوورەش یەکپارچەیی عێراق دەپارێزێت، دادگای باڵای عێراق پێی وایە ئەم برگەیە رێگرە لە جیابوونەوەی نەتەوەکان لە عێراق.
٢. ماددەی (٤٧) کە تیادا نووسراوە دەسەڵاتە ئیتیحادییەکان لە دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) پێکدێت و مومارەسەی تایبەتمەندی و ئەرکەکانی خۆیان دەکەن لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، کە بەپێی ئەم برگەیەی دەستوور ئەم دەسەڵاتە ڕەهایە تەنها بۆ دادگای باڵای فیدڕاڵییە و نە ئەنجومەنی نوێنەران و نە حکومەتی فیدڕاڵی ناتوانن پیادەی ئەو دەسەڵاتانە بکەن.
٣. ماددەی (١٠٩) کە تیادا نووسراوە دەسەڵاتی فیدڕاڵی پارێزگاری لە یەکێتی عێراق و یەکپارچەیی و سەربەخۆیی و سەروەری و سیستەمە دیمۆکراسی فیدڕاڵییەکەی دەکات.
٤. ماددەی (١١٦) کە تیادا نووسراوە ڕژێمی فیدڕاڵی لە عێراقدا پێکدێت لە پایتەخت و هەرێمەکان و پارێزگا لامەرکەزیەکان و ئیدارە ناوخۆییەکان.

## کۆتایی

**یەکەم: دەرئەنجام:**

بە خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی دەقەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)، بەو دەرەنجامە دەگەین کە کۆمەڵێک کێشە دووچاری سیستەمی دەستووری کۆماری عێراق دەبنەوە بەتایبەتی لە ڕوانگەی پەیڕەویکردن لە مافی چارەی خۆنووسین، بەشێکی ئەم کێشانە بۆ ناڕوونی و ڕاجیابی لەبارەی دەقە دەستوورییەکان دەگەڕێتەوە و بەشێکی دیکە لە کێشەکان بریتییە لە خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی جیاواز بۆ دەقەکانی دەستوور، بەجۆرێك کە هەر لایەنێک بە گوێرەی تێگەیشتن و بەرژەوەندییەکانی خۆی ڕاڤەی بۆ دەکات. لەمبارەیەوە دادگای باڵای فیدراڵی عێراق تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە ڕۆڵی پێویست و سەربەخۆ بگێڕێت لە کاتی راڤەکردنی دەقە دەستووریەکان، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەم دادگایە بە پێچەوانەی ماددەی (٩٢)ی دەستووری عێراق بەپێی بڕیاری دەسەڵاتی جێبەجێکردن (ئەنجومەنی وەزیران) دامەزرێنراوە نەک بەپێی دەرکردنی یاسا لە دەسەڵاتی یاسادانان (ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق). هەروەها بەشێکی دیکە لە کێشەکان بریتییە لە فاکتەری سیاسی، کە فشار و دەستێوەردانی سیاسی ناوخۆیی و هەرێمی لە نێو دادگای باڵای فیدراڵی عێراق بەدی دەکرێت لە کاتی راڤەکردنی دەقە دەستوورییەکان.

---

[١] مسعود بارزانی، بۆ مێژوو، چاپخانەی رۆکسانا، هەولێر، ٢٠٢٠، ل ٨٢-١٠٤

[٢] گزنگ علی عزیز، ڕێبوار جەبار شێخە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٦.

[٣] رزگار، محمد، ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، زانیاری، (٢٠٢١). بۆ زانیاری بروانە: https://zaniary.com/blog/614e6a2b3df00 رێکەوتی سەردان، (٢٠٢٥/١١/١٧).

[٤] گزنگ علی عزیز، ڕێبوار جەبار شێخە، مافی سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٠.

[٥] دادگای باڵای فیدڕاڵی عێراق، بڕیاری ژمارەکانی (٨٩، ٩١، ٩٢، ٩٣) لەسەر هەرێمی کوردستان و پارێزگاری کەرکوک تۆمارکران،٢٠١٧، ل١-٦. https://www.iraqfsc.iq/searchkrar.php رێکەوتی سەردان (٢٠٢٥/١٠/١٠)

هەرچەندە مافی چارەی خۆنووسین یەکێکە لە بنەما بنەڕەتییە دانپێدانراوەکانی یاسای نێودەوڵەتی، بەڵام لە دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی (٢٠٠٥) هیچ دەقێک بە شێوەیەکی راشکاوانە و ڕاستەوخۆ نەهاتووە کە مافی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوە و پێکهاتەکانی عێراق گەرەنتی بکات بۆ جیابوونەوە یان سەربەخۆیی، هەروەک لە شیکردنەوەی بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی لە ساڵی (٢٠١٧) ئاماژەی پێکردووە تایبەت بە پرسی گشتپرسی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی. لەگەڵ ئەوەش هیچ دەقێکی لە دەستووری هەمیشەیی عێراق نییە کە ڕێگری بکات لە پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسین لە لایەن نەتەوە و پێکهاتەکانی عێراق، بەڵام دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بە مافی چارەی خۆنووسین داوە کە دوو دەقی یاسایی هەیە:

١. لە بەشی کۆتایی دیباجەی دەستووردا ئاماژە دەکات کە پابەندبوون بە دەستوور یەکێتی گەل و خاک و سەروەری عێراق دەپارێزێت، لەم ڕوانگەیەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە ماددەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق پەکخراون یاخود پێشێلکراون و وەکو خۆی جێبەجێ نەکراون، بۆ نموونە ماددەی (١٤٠)ـی تایبەت بە ناوچە جێناکۆکەکان، ماددەی (٦٥)ی تایبەت بە پێکهێنانی ئەنجومەنی فیدراڵی، دەرکردنی یاسای تایبەت بە دادگای باڵای فیدراڵی، کە ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە دەستوور گەرەنتی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراقی نەکردووە و پاساو دەدات بە نەتەوە و پێکهاتەکانی عێراق بۆ پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسین و بڕیاردان لە ئایندەی خۆیان، هەروەها لە کاتی پێشێلکردنی دەستوور لایەنە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی عێراق دەتوانن داوای هەڵوەشاندنەوەی یەکگرتوویی عێراق بکەن، لێرەدا ئەو پاساوەی دادگای باڵای فیدراڵی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان پوچەڵ دەکاتەوە کە ئاماژەی دابوو گەلی هەرێمی کوردستان دەنگی داوە بە ڕیفراندۆمی ساڵی (٢٠٠٥) تایبەت بە پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق، هەرچەندە ئەو بۆچوونە یاساییە جێگای مشتومرە کە دیباجەی دەستوور بەهای هێزی یاسایی نییە، بەڵام تەنها لایەنی تایبەتمەندی یاسایی بۆ ڕاڤەکردنی دەقەکانی دەستووری عێراق بریتییە لە دادگای باڵای فیدراڵی کە هیچ ڕاڤەیەکی یاسایی بۆ ئەم دەقەی دیباجەی دەستوور نەکرد لە کاتی بڕیاردانی بۆ نادەستووری ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان.

٢. پاڵپشت بە جێبەجێکردنی ڕێکەوتن و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، کە ماددەی (٨)ی دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) ئاماژە بە پابەندبوونی دەوڵەتی عێراق بە پابەندییە نێودەوڵەتییەکان دەکات، یەکەم پابەندی نێودەوڵەتیی کە دەکەوێتە ئەستۆی عێراق بریتییە لە دانان بە مافی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوە و گەلانی وڵاتەکەیدا، ئەویش بەپێی ماددەی (١)ی هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ساڵی (١٩٦٦)، کە عێراق پەسەندی کردووە؛ هەروەها ماددەی (١/بڕگەی ٢) و ماددەی (٥٥)ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە عێراق تێیدا ئەندامە، جگە لەوەش ماددەی (٥٦)ی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان وڵاتانی ئەندامی ناچار دەکات بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلانی سنووری وڵاتەکەیانەوە پابەند بن، بۆیە مافی چارەی خۆنووسین ئەگەرچی لە دەستووری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە بوونی نییە، بەڵام پابەندییەکی دەستوورییە لەسەر حکومەتی عێراق بۆ ڕێگەدان بەو نەتەوە و پێکهاتانەی کە داوای مافی چارەی خۆنووسین دەکەن لە چوارچێوەی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، ئەمەش لەبەر ئەوەی عێراق پەیماننامەکانی پەسەند کردووە.

هەموو پێکهاتەکانی عێراق مافی چارە خۆنووسیان هەیە و دەتوانن بە ئازادیی پێگەی سیاسیی خۆیان دیاری بکەن و بەدواداچوون بۆ گەشەسەندنی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و کولتووریی بکەن کە ئەمە چارەنووسێکی سیاسیی و سروشتییە، چونکە مافە سیاسیی و مەدەنییەکان پێکهاتە سەرەکییەکانی دیمۆکراسین. بە شێوەیەکی گشتی پێکهاتەکانی ناو عێراق ئەو مافەیان هەیە چارەی خۆنووسی خۆیان دیاری بکەن، لەم ڕووەوە ڕیفراندۆمێک لە عێراق لە لایەن گەلی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠١٧) بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان ئەنجامدرا، کە لەلایەن حکومەتی عێراقی فیدراڵ دژایەتی کرا بە بیانووی ئەوەی کە دەبێتە هۆی دابەشبوون و جیابوونەوەی بەشێک لە عێراق، و ڕیفراندۆمەکە بە نادەستووری لە قەڵەم درا.

**دووەم: ڕاسپاردەکان:**

١. پێویستە لەسەر وڵاتانی زلهێزی جیهان، پشگیریی ئەو نەتەوانە بکەن کە داوای مافی چارەی خۆنووسین دەکەن بە تایبەت فشار لە حکومەتی عێراق بکەن کە لە هەمواری دەستووردا مافی چارەی خۆنووسین گەرەنتی بکات.
٢. حکومەتی عێراق بەشێوەیەك مامەڵە لەگەڵ مافی چارەی خۆنووسین بکات کە ڕەنگدانەوەی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بێت، نەک وەکو پرسێکی سیاسیی، هەروەها ڕێز لەهەر نەتەوە و پێکهاتەیەک بگیرێت کە مەرج و کۆڵەگەکانی بوون بە دەوڵەتی تێدا بێت و داوای مافی چارەی خۆنووسین لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە بکات.
٣. دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، بە شێوەیەکی سەربەخۆییانە راڤەی دەقە دەستوورییەکان بکات و خۆی بە دوور بگرێت لە کێشە سیاسیەکانی ناوخۆی عێراق.
٤. لە ئەگەری هەموارکردنەوەی دەستووری عێراقی (٢٠٠٥)، بە ڕوونی ئاماژە بە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان بکرێت و مافی نەتەوە و پێکهاتەکانی عێراق پارێزراو بێت.
٥. لە ئێستادا، دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لەسەر بنەمای بڕیاری دەسەڵاتی جێبەجێکردن دامەزراوە کە ئەمەش پێچەوانەی ماددەی (٩٢)ـی دەستوورە، بۆیە پێشنیار دەکەین پێکهاتەی دادگاکە لەسەر بنەمای یاسا دیاریبکرێت و مافی نوێنەرایەتی هەرێم و پێکهاتەکان لە دەستوور گەرەنتی بکرێت.
٦. لە ئەگەری هەموارکردنەوەی دەستووری عێراقدا، پێویستە ژمارەی ئەندامانی دادگای فیدراڵی دیاری بکرێت و ڕۆڵی پسپۆرانی ئاینیی و دەستووری تێدا ڕوون بێت کە ڕۆڵی ڕاوێژکارییە نەوەك ڕۆڵی دادوەریکردن وەك دادوەر.
٧. حکومەتی عێراق بە شێوەیەکی کردەیی پیادەی فیدراڵیەت بکات، نەک تەنها بە شێوەی ڕواڵەتی، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ڕێگری سیاسیی دروست نەکرێت لە بەردەم نەتەوە و پارێزگاکانی دیکە کە داوای هەرێمی فیدراڵی دەکەن، چونکە ئەمە مافێکی دەستوورییە و لە دەستووردا بەدەقی ڕاشکاوانە هاتووە.

## لیستی سەرچاوەکان:

**یەکەم: دەستوور:**

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەستووری کۆماری عێراقی فیدراڵ ساڵی (٢٠٠٥)، وەرگێرانی: عبدولقادر ساڵح، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار، سلێمانی، ٢٠١٩.

**دووەم: سەرچاوەی کوردی:**
١. ئاسۆ کەریم، دەستوور، مافی چارەی خۆنووسین، فیدرالیزم و ڕیفراندۆم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر، ٢٠٠٨.
٢. تالیب رشید یادگار، بنەما گشتیەکانی یاسایی نێودەوڵەتی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٣.
٣. دلۆڤان رمضان، ڕیفراندۆمی سەربەخۆی گەلان لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر، ٢٠٢٠.
٤. ساڵح عوسمان، گۆڕانی دیموکراسی و سەقامگیری سیاسی، چاپخانەیی بینایی، سلێمانی، ٢٠٢١.
٥. عوسمان علی وەیسی، دەروازەیەک بۆ یاسای گشتی نێودەوڵەتی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٢.
٦. مسعود بارزانی، بۆ مێژوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، ٢٠٢٠

**سێیەم: گۆڤار**
١. بێوار عبدالرحیم نێرویی، پەسار عبدالکریم نێرویی، پیادەکردنی مافی چارەنووس لە دەوڵەتی فیدراڵی دا، وەقایعی کۆنفرانسی نۆیەمی زانکۆی نێودەوڵەتی تیشک بۆ پرسە یاساییەکان، ٢٠٢٤.
٢. شاری خالد مەعروف، جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە دەوڵەتی عێراق وەک یەکێک لە ڕێگا چارەکانی کێشەکان، گۆڤاری قەڵای زانست، بەرگی (٣)، ژمارە (١)، ٢٠١٨.
٣. گزنگ علی عزیز، ڕێبوار جەبار شێخە، مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد لە عێراق و تێڕوانینێکی یاسایی بۆ ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧دا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٤، ژمارە ٢، ٢٠٢١.

**چوارەم: ئینتەرنێت:**
١. رزگار محمد، ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، (٢٠٢١). https://zaniary.com/blog/614e6a2b3df00 ڕێکەوتی سەردان، (٢٠٢٥/١٠/١٧).
٢. دادگای باڵای فیدراڵی عێراق، بڕیاری ژمارەکانی (٨٩، ٩١، ٩٢، ٩٣) لەسەر هەرێمی کوردستان و پارێزگاری کەرکوک تۆمارکران:https://www.iraqfsc.iq/searchkrar.php ڕێکەوتی سەردان (٢٠٢٥/١٠/١٠)
٣. نەتەوە یەکگرتووەکان، جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ، (١٩٤٨): https://www.un.org/en/about-us/universal-declaration-of-human-rights ڕێکەوتی سەردان (٢٠٢٥/١٠/١٨).
٤. نەتەوە یەکگرتووەکان، پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و پەیمانی نێودەوڵەتی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، (١٩٦٦):
https://www.ohchr.org/en/instruments-mechanisms/instruments/international-covenant-civil-and-political-rights ڕێکەوتی سەردان (٢٠٢٥/١١/١٥)
٥. باس نیوز، کورد پێدگرە دەستوری عێراق بەپێی ماددەی ١٤٢ هەمواربکرێتەوە، ٢٠١٩-٢٢-٢٨، https://www.basnews.com/so/babat/٥٦٤١٠٢ بەرواری سەردان (٢٠٢٥-١١-١٨)

**پێنجەم: سەرچاوەی عەرەبی:**
١. الجمعية العامة للأمم المتحدة (في سياق الدورة الـ٨٠) قراراً يؤكد حق الشعب الفلسطيني في تقرير مصيره بأغلبية ساحقة (١٦٤ دولة)، في ديسمبر ٢٠٢٥.
٢. الميثاق الوطني الجزائري لعام ١٩٧٦، الباب المتعلق بالسياسة الخارجية ومبادئ السيادة الوطنية، الجزائر، ١٩٧٦، ص ٩٢.
٣. خاموش عمر عبدالله، استفتاء تقرير المصير، دراسة تحليلية مقارنة، ط١، منشورات زين حقوقية، لبنان، ٢٠١٩.
٤. دەوەن محمد جەزا عبدالله، طبيعة الاعتراف و أثرها على ممارسة حق تقرير المصير، دراسة تحليلية و تطبيقية، اطروحة دكتوراه، جامعة السليمانية، كلية القانون، ٢٠١٨.
٥. مركز العراق العلومات الديمقراطيه، سلسله اوراق ديمقراطيه، العدد السادس أكتوبر تشرين الأول، ٢٠٠٥.
٦. مفوضية حقوق الإنسان، الجمعية العامة إعلان الأمم المتحدة بشأن حقوق الشعوب الأصلية في ١٣ أيلول/سبتمبر ٢٠٠٧.
٧. ياسين بن عمر، حق تقرير المصير وحق الانفصال في القانون الدولي المعاصرة مجلة العلوم القانونية والسياسية، جامعة الشهيد حمة لخضر الوادي، عدد ١٢، ٢٠١٦.

**شەشەم: تێزەکان:**
جميلة فراراجي، مبدأ حق شعوب في تقرير مصيرها بين النظرية والتطبيق، رسالة الماجستير في القانون العام، جامعة مولود مصري_تيزي وزو، كلية الحقوق، ٢٠٠٩.

**حەوتەم: سەرچاوەی ئینگلیزی:**
1. General Assembly Resolution (1970) No. 2625, Annex 25 UN GAOR, support No. 28, UN.
2. ICJ. Document, No.95/19,30 June, case concerning East Timor (Portugal v. Australia). 1995
3. Jonathan Morrow, Iraq's Constitutional Process II, United States institute of Peace, Washington, 2005.
4. Stephen Allen, Quoted From: International Law, Pearson; England, Ist. Pub, 2013.